# بوون و نەبوونی پێشمەرگە!

کەمال ڕەئوف

یەکێك لەخاڵە سەرەکی و پرکێشمەکێشەکانی ڕێکەوتنی نێوان کورد و شیعە بۆ هەماهەنگی و دروستکردنی حکومەتی هاوبەش , مەسەلەی بوون و نەبوونی هێزی پێشمەرگەبوو , سەرکردایەتی کوردی لەبەرانبەر ئەو داوایەی شیعەکاندا کە دەیانوویست هێزی پێشمەرگە هەڵبووەشێتەوە یان پەیوەست بکرێن بەهێزەکانی حکومەتی عێراقییەوە, بەتووندی وەستانەوە و تا ئەوپەڕادەیە جەختیان لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگە کرد کە گفتووگۆکان پەیوەست بوونەوە بەوەی کەلایەنی بەرانبەر ئەگەر دەیانەوێت لەگەڵ کورد هاوپەیمانێتی بکەن نابێت لەسەرئەو داوایەیان سوربن .

خەڵکی کوردستان هەموو ئەوە دەزانن کە بوونی هێزی پێشمەرگە لە دەورانێکی ئاوا چارەنووس سازدا کەهێشتا مەسەلەی دەستورو سنوری هەرێمی کوردستان و پەیوەندی حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی کوردی یەکلانەکراوەتەوە , زەرورەتێکی حاشا هەڵنەگرەو ناکرێت لەئێستادا دەسبەرداری ئەو هێزە ببین, وەلەڕوویەکی تریشەوە لەم دەورانەدا ئەگەر ئەوان نەبوونایە ڕەنگبوو کوردستان هیچی لە فەلوجەو شوێنەکانی تری عێراق کەمتر نەبووایەو تیرۆریستان ژیانیان لەهاوڵاتیان بکردایەتە دۆزەخ , بەلام لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا کورد دەبوو پێش ئەوەی کەلایەنی بەرانبەر ئەو داوایەی لێبکردایە بۆخۆیان بیریان لەچارەنوسی ئەو هێزە بکردایەتەوە و بیان زانیایە کە چیتر هێزی پێشمەرگە بەو شێوازەی کەئێستا هەیە چەندە مایەی قازانجە بەڕووەکەی تردا هێندەش مایەی زەرەرە و جێگەی نیگەرانیەو مایەی شێواندنی ڕوخساری مەدەنیەت و دیموکراتیەتە ! ڕەنگە بۆ سەرکردایەتی کوردی کە ئێستا پارتی و یەکێتی قسەکەری ڕەسمین و خەڵکی کوردستان دەنگی خۆیانیان پێداون , مەسەلەی مانەوەی پێشمەرگە بگێرنەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان هێشتا مەسەلەکانیان لەبەرچاو ڕۆشن نەبووەتەوەو ئەگەری زۆر لەبەردەمدا ماوە هەربۆیە پێویستایان بەمانەوەی ئەو هێزانەیە تا دواهەناسە , ئاشکرایە بۆچوون و بەڵگەیەکی وا ئەگەر ڕاستیەکیشی تیادا بێت ناتوانێت ئەو ڕاستیە بشارێتەوە کە ئەوان جگە لەوەی لەوی دی دەترسن و بەگومانن لە بەرانبەر هاوپەیمان و دۆستەکانیاندا لەهەمانکاتیشدا لەبەرانبەر یەکتریشدا گەلەك گومان و نائارامی ماوەو ناتوانن متمانە بەیەکتری بکەن , ئەمە جگەلەوەی کەحیزبی کوردی هێشتا نەی توانیووە لەبازنەی بیرکردنەوەی سەردەمانی جەنگی سارد دەربازبێت وتائێستاش لای وایە ئەوەی کەدەتوانێت مەسەلەکان یەکلابکاتەوە تەنهاهەر هێزە سەربازیەکەیەتی , دەنا ئەگەر ئەوان بڕیاربێت پۆستی سەرەك کۆماریان بەدەستەوە بێت و پتر لەحەفتاو پێنج کورسی پەرلەمانیان هەبێت و خاوەن چەندین وەزارەتی گرنگ بن , دەبێت ئیتر چ پێویستیکیان بەوە بێت کە بیانەوێت لەبەرەو ڕوو بوونەوەو کێشەکاندا هێزی پێشمەرگە بەکار بهێنن ؟ ئۆپۆزیسۆنی لوبنانی بەهێزی جەماوەرەکەی و لەڕێگای شەقامەکانەوە بێ ئەوەی دەست بەرن بۆکاری توندو تیژی بەم دواییانە جگەلەوەی کە حکومەتەکەیان هەڵوەشانەوە توانیشیان هێزی سەربازی تۆکمەو موخابەراتی حکومەتی سوری کەپتر لەسی ساڵە لەو ولاتە جێگیر کراوە بکەنە دەرەوە , سەرکردایەتی کوردی ئەگەر بڕوای بەوەهەیە کە خەڵکی کوردستان بەتێکرای دەنگ دەنگیان بەوان داوەو لەپشتیانەوەن ئەوا دەبوو بۆ بەرەو ڕوو بوونەوەی ڕوودانی هەرئەگەرێك بیریان لەوەبکردایەتەوە کە پشت بەکاری گەللەری و جەماوەری ببەستن, چونکە ئەو شێوازە جگەلەوەی کەشێوازێکی تەواومەدەنیانەیە لەهەمانکاتیشدا کاریگەریەکی فراوانتریشی دەبێت لەسەر لایەنی بەرانبەر. هەربۆیە پێداگرتن لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگە تاکاتێکی نادیار بەو شێوازەی کە ئەمڕۆهەیە, جێگەی پرسیارە و خەڵك هەقی خۆیەتی چۆن حیزب گومان لەوانی تردەکەن خەڵکیش مافی خۆیەتی گومان لەمانەوەی هێزی پێشمەرگە بکات بەو شێوازەی کە ئەمڕۆ هەیە , چوونکە مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەژێر ئیعازی سەرکردەی حیزب و بەکارهێنانیان وەك هێزی حیزبی جگەلەوەی کە ڕووخساری کۆمەڵگە

دەشێوێنێت لەهەمانکاتیشدا ئەگەری ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە یاریگەگەلێك بێت حیزب لە گەمەکانی خۆسەپاندن و هەڵبژاردندا بەکاریان بهێنێتەوە, هەربۆیە ناتوانین بڕوابەوقسەیەبکەین کە هێزی پێشمەرگە هەمووکاتێك تەنهاکاری پاراستنی بەرژەوەندی خەڵکەو ڕۆژگارێك نابێت بەئیعازی حیزب پێشمەرگەی موچەخۆری حیزب نەکەوێتە بەرانبەر خواستی خەڵکەوە .